کۆمسیۆن: چەند وێستگەیەک کێشەی تەکنیکیان هەبوو خێرا چارەسەرکران

بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی هەرێم لە کۆمسیۆنی عێراق رایگەیاند، لە چوار وێستگە کێشەی تەکنیکی هەبوو، خێرا چارەسەرکران.

نەبەرد عومەر، بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاشکرایدەکات، سەردانی چەند بنکە و وێستگەیەکمان کردووە و پڕۆسەکە زۆر بەباشی بەڕێوەدەچێت، ئەو کێشە و گرفتانەی لە هەڵبژاردنی رابردوو هەمانبوون لە ئێستادا نین، هەروەها ئەو بنکانەی کە سەردانمان کردوون بە رێژەی 50% بۆ 60% ئەندامانی هێزە ئەمنییەکان بەشداریی دەنگدانیان کردووە.

ئەوەشی خستەڕووە، لە کۆی 958 وێستگەی دەنگدان، چوار وێستگە کێشەی تەکنیکییان هەبوو، بەڵام تاوەکو کاتژمێر هەشتی بەیانی کێشەکان چارەسەرکران.

دەشڵێت، هێزە ئەمنییەکان توانیویانە زۆر بەباشی ئاسایشی هەڵبژاردنەکە بپارێزن.